کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-6-2007 14:11بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## خێزان، ئاین، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ... ئەڤین ئەبابەکر

له کۆمه‌ڵگاکانی ڕۆژئاوادا له‌به‌رئه‌وه‌ی ئاین له ده‌سه‌ڵات جیاکراوه‌ته‌وه‌، ئیدی ئاین ڕۆڵێکی کاریگه‌رانه‌ی نه‌ماوه له ناوه‌نده‌کانی بڕیارو ده‌سه‌ڵات به‌م پێیه‌ش ناتوانێت ڕۆڵی هه‌بێت له دیاری کردنی په‌یوه‌ندییه تایبه‌تییه‌کان له ئاستی کۆمه‌ڵایه‌تیدا، بۆ نمونه ده‌کرێت کوڕێکی مه‌سیحی له‌گه‌ڵ کچێکی سه‌ر به ئاینێکی دیکه به‌یه‌که‌وه خێزان پێك بهێنن، کچێکی مه‌سیحی شوو به کوڕێك بکات که له‌وانه‌یه هه‌ر له بنه‌ڕه‌ته‌وه هیچ ئاینێکی قبوڵ نه‌بێت یان سه‌ر به هیچ ئاینێك نه‌بێت. واتا ڕێگه به ئاین نادرێت ده‌ستێوه‌ردان له کاروباری مرۆڤه‌کان بکات. به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌شه‌وه له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا هێشتا ئاین ناوه‌ندی بڕیاردانه‌و یاساکان به ئاراسته‌ی په‌یڕه‌وی کردن له ئاینه‌کان ده‌رده‌کرێن، له‌و کۆمه‌ڵگایانه که ئاینی ئیسلام پانتاییه‌کی فراوانی داگیرکردوون، به‌جۆرێك تێکه‌ڵ به ژیانی ڕۆژانه‌ی مرۆڤه‌کان بووه که زیاده‌گۆیی نییه ئه‌گه‌ر بڵێین ته‌واوی هه‌ڵسوکه‌وته‌کان له چوارچێوه‌ی ئه‌و ئاینه‌دان، یان به‌رگێکی ئیسلامیانه‌یان له‌به‌رکراوه. له‌و کۆمه‌ڵگایانه‌دا جگه له ئیسلام ئاینی دیکه‌ش هه‌ن، که هه‌ندێك جار ئاینی زۆرینه‌ی دانیشتووانی وڵاتێك پێك ده‌هێنن، له‌وانه‌ش ئیسرائیل. یان ئاینه‌کانی وه‌ك ئێزیدی و سابیئه‌کان و مه‌سیحیه‌کان و ... ئه‌وانی تریش که هه‌ر یه‌که‌یان له‌و ناوچانه‌دا که داگیریان کردوون حوکمه‌کانی خۆیان پیاده ده‌که‌ن، له‌و ڕوانگه‌یه‌وه ده‌توانین ئاماژه بۆ ئه‌وه بکه‌ین که له ژێر ده‌سه‌ڵاتی هه‌ر ئاینێکدا به‌تایبه‌ت ئاینه باڵاده‌سته‌که"ئیسلام" چالاکییه‌کانی تاك سنوربه‌ند کراوه، تاك ناتوانێت به ئازادی خۆی له‌ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و ئاینه‌دا ژیانی هاوسه‌رێتی پێکبهێنێت، بۆ نمونه له ئیسلامدا ڕێگا نادرێت کچێکی موسڵمان خێزان له‌گه‌ڵ کوڕێکی ناموسڵمان پێکبهێنێت، خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌و کاره‌ش بکات ئه‌وا به توندترین شێوه سزا ده‌درێت له‌لایه‌ن خێزان و کۆمه‌ڵگاوه.

له‌وانه‌یه زه‌قترین دابه‌شکاری له‌نێوان ئه‌ندامه‌کانی هه‌ر خێزانێك له کۆمه‌ڵگاکانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا، دابه‌شکاری بێت له‌سه‌ر بنه‌مای ڕه‌گه‌زه‌کان، له خێزاندا ئه‌رك و مافه‌کانی تاك دیاری ده‌کرێت، به‌ڵام دیاری کردنی ئه‌رك و مافه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی یه‌کسان و هاوبه‌ش نییه له‌نێوان تاکه‌کاندا، به‌ڵکو ڕه‌چاوی ڕه‌گه‌زی نێرو می ده‌کرێت، خێزان له کۆمه‌ڵگا ڕۆژهه‌ڵاتیه‌کاندا جۆرێك له ئه‌رك و ماف ده‌به‌خشێته نێرینه‌کان که جیاوازه له‌و ئه‌رك و مافه‌ی به مێینه‌کانی ده‌به‌خشێت، کوڕه‌کان له هه‌موو باره‌کاندا کاره‌کانی ده‌ره‌وه ده‌که‌ن و کچان بۆ ڕاپه‌ڕاندنی کاره‌کانی ماڵه‌وه ته‌رخان ده‌کرێن، ئه‌م دابه‌ش کردنه یه‌کسانه به‌و جیاوازییه‌ی له‌نێوان دایك و باوکدا بوونی هه‌یه له چوارچێوه‌ی خێزاندا چونکه ژنان زیاتر کاوباری ماڵه‌وه ڕاده‌په‌ڕێنن و له‌به‌رامبه‌ردا پیاوان له ده‌ره‌وه‌ی ماڵ کار ده‌که‌ن.

له کۆمه‌ڵگا ڕۆژهه‌ڵاتییه‌کاندا له‌ژێر کاریگه‌ری ئاین و داب و نه‌ریته‌کاندا ڕه‌گه‌زی نێرینه هه‌میشه پله‌یه‌کی سه‌رتری پێده‌درێت به‌به‌راورد له‌گه‌ڵ مێینه‌کان. ئه‌و واقیعه ده‌کرێت وه‌ك ده‌رهاویشته‌یه‌کی سیسته‌مه ئاینییه‌که ته‌ماشا بکرێت، چونکه له ئاینێکی وه‌ك ئیسلامدا که ژماره‌ی زۆری دانیشتووانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست په‌یڕه‌وی ده‌که‌ن، ژنان له مه‌سه‌له‌کانی وه‌ك میرات و گه‌واهیدان له دادگاکاندا وه‌ك پیاو چاویان لێناکرێت یان به‌نیوه داده‌نرێن، جگه له‌وه‌ش کاروباره‌کانی ده‌سه‌ڵات هه‌میشه له ده‌ست پیاوان بووه‌و ئه‌مه‌ش ڕه‌وایه‌تی (مه‌شروعیه‌ت) ده‌به‌خشێته هێشتنه‌وه‌ی ژنان له ماڵه‌وه‌و پیاوانیش له کاره‌کانی تر.

ئه‌و نووسینانه‌ی له کوردستان نێت دا بڵاوده‌کرێنه‌وه، بیروبۆچوونی خاوه‌نه‌کانیانه، کوردستان نێت لێی به‌رپرسیار نییه.

ئەگەر ئەمە بە كۆمەڵگایەكی ڕۆژئاوایی بەراورد بكەین دركی ئەوە دەكەین كە لەو كۆمەڵگایانەدا ئەگەر یەكسانی سەد دەر سەدیش بەدی نەهات بێت هەوڵدانی بەردەوام هەیە بۆ بەدیهێنانی، یاخود ئەم دابەشكارییە نەبۆتە بەشێك لەو سیستەمە پەروەردەییەی كە تاكەكانی كۆمەڵگا لەسەر ئاراستە دەكرێت بەبی جیاوازی ڕەگەزی، بۆ نمونە لە سیستەمی پەروەردەی كۆمەڵگایەكی وەك كوردستان كە بەشێكە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، سیستەمی پەروەردە یەكێكە لەو كەناڵانەی جارێكی تر هەڵدەستێت بەبەرهەمهێنانی دوو تاكی نێرو می كە سەر بە دوو جیهانی جیاوازن، بەدەر لەوەی لە خوێندنگاكاندا كچان و كوڕان بە جیا دەخوێنن و هەندێك لە كتێبەكانی وەك"ماڵداری" كە كچان لە قۆناغی بەر لە زانكۆ دەیخوێنن ڕاستەوخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە مێینە دەبێت هەمیشە لە بیری ڕێكخستن و ڕاپەڕاندنی كارەكانی ناو ماڵ بێت، بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بزانین كە لە هیچ قۆناغێكی خوێندنداو كەم و زۆریش كوڕان كتێبێكی لەو چەشنەیان نییە. ئەمە هێشتا بە قەد ئەوە نابێت كە ناوەڕۆكی ئەو كتێبانەش كە كچان و كوڕان بە هاوبەشی دەیخوێنن، بەشێوەیەكی دیكە جەخت لەسەر جیاوازی ئەو دوو بوونەوەرە دەكاتەوە، دەستەواژەكانی وەك ئەوەی"نەسرین مانگا دەدۆشێت، شیرین ماڵ گەسك دەدات" لەبەرامبەر دەستەواژەكانی وەك"ئازاد ئۆتۆمبێل دەئاژوات، شاسوار لە ڕاوشكارە". خۆی ئەمە جارێكی دیكە ئیش كردنە لەسەر بەرهەمهێنانی جیاوازییە ڕەگەزییەكان، یان جیاكردنەوەی مێینەكان و نێرینەكان.

ئازادییە گشتی و تایبەتییەكان جیاوازییەكی دیكەی سەرەكی و بەرچاون لە هەر كۆمەڵگایەكی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایدا بەدیدەكرێن، ئازادییەكانی تاك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەلایەن عەشیرەت و خێڵ و ئاینەوە كۆنترۆڵ كراوە، نەك هەر ئازادییە بچووكەكان بەڵكو عەشیرەت، خێڵ، پیاوە ئاینییەكان، دەتوانن چارەنووسی مرۆڤێك بە هەر شێوەیەك بێت دیاری بكەن، لەوانەیە سمێڵ تاشینێك لەڕوانگەی خێڵ و عەشیرەوەتەوە بە لادانێكی گەورە دابنرێت و دووریش نییە ئەو تاكەكەسە ڕووبەڕووی سوكایەتی پێكردن و گاڵتەجاڕی ببێتەوە. زۆرجار كچێك بە شوو دەدرێت بەبی ئەوەی خۆی پێی بزانێت، كاتێك ئاگادار دەبێتەوە، مەلایەك بانگی لێدەكات بۆ مارە كردن. بەدەر لەوەش لە هەندێك لە كۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەكاندا كچان بەر لەوەی بگەنە قۆناغێكی پێگەیشتن و كامڵ بوون لە كوڕێك مارە دەكرێن، یان ئەوەی لە ناو كورددا دەگوترێت "لەسەر بێشكە مارەكردن"، بۆ نمونە ساڵی ڕابردوو لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ژنان لە پەرلەمانی كوردستان تەنها لە قەڵادزی بوونی زیاتر لە هەزار حالەتی لەو شێوەیەی ڕاگەیاند.

ئەگەر لە كۆمەڵگا ڕۆژئاواییەكاندا شوێنەواری خێڵ و عەشیرەتیش مابێتەوە، دەوڵەت لەڕێگای یاساكانەوە توانیویەتی ئازادییەكانی تاك فەراهەم بكات و ئاین لە ناوەندەكانی دەسەڵاتدا كراوەتە دەرەوە.

تەنها لەڕێگای ورد بوونەوە لە هەندێك لەو چەمكانەی لە كۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەكاندا بەكاردەهێنرێت دەتوانین ئامارە بەوە بكەین كە كۆمەڵگای ڕۆژهەڵات یەكسانە بە كۆمەڵگایەكی نێرسالاری، چەمك و زاراوەكانی وەك" ژن بەژنی، ژنهێنان، مێركردن، شووكردن، بەشوودان... هتد" جارێكی دیكە جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە لە ڕۆژهەڵات شتێك ناوی بنرێت هاوسەرگیری! لەو ڕوانگەیەوە كە هاوسەرگیری ئەمە دوو كەس دەتوانن بە ئازادی و هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیان، بچنە ناویەوە، بەڵام ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتدا بەناوی هاوسەرگیرییەوە دەگوزەرێت هیچ نییە بێجگە لە هێنانی كچێك كە پێویستییەكانی ژیانی ڕۆژانەی پیاوێك پڕ دەكاتەوە. لەو بارەدا ژن وەك بوونەوەرێك ناكارا یان بەركار"ئۆبجێكت" چاوی لێدەكرێت.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین لەو کۆمەڵگایانەی کە ئیسلام داگیری کردوون، پیاوێك دەتوانێت لەگەڵ چوار ژن خێزان دروست بکات، ئەمەش لە شەرعیەتی ئیسلامدا رەوایەتی پێدراوە.

لە کولتوری کوردیدا بارەکە مەترسیدارترە، لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە لە ئەحواڵی ژن و منداڵی پیاوێك دەپرسرێت"ماڵ و منداڵ" چۆنن، لێرەدا ژنان یەکسانن بە ماڵ کە گوزارشت لە لایەنە مادییەکان دەکات، ئەو مادەیەی دەکرێت پیاوێك ببێت بە خاوەنی، یان موڵك، کەواتە ژن لێرەدا بەشێکە لە موڵکی پیاو. هەندێك نەریت هەن لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکاندا کە بەتەواوی بە موڵك بوونی مێینەکان دەسەلمێنن، بۆ نمونە "بن پشك" نەریتێکە و دەکرێت ئەمەش مانای ئەوەیە کە کچێك بە بن پشك دەدرێت بە کورێك کەلەوانەیە تەمەنی ئەو کچە هێشتا یەك ساڵیش تێپەڕی نەکرد بێت، لەوانەیە ئەو دیاردەیە بەس بێت بۆ ئەوەی ئازادییەکانی تاکمان بۆ دەربکەوێت لە رۆژهەڵاتدا. لەلایەکی دیکەوە دیاردەیەکی وەك "لەبری خوێندان" کە رەگ و ریشەی لە ناو کۆمەڵگادا چۆتە خوارەوە، ئەگەرچی کەم بۆتەوە بەڵام لە کۆمەڵگا گوندنشینەکاندا هێشتا هەر ماوە، کورتەی ئەمە ئەوەیە کاتێك شەڕێك لەنێوان دوو بنەماڵەدا دروست دەبێت و کەسێکی تیا دەکوژرێت، بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری ئەو شەڕە، کچێك دەدرێت بەبنەماڵەی کوژراوەکە بۆ ئەوەی لە خوێنەکەیان خۆش بن. ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەگەر کچێك لەبری خوێن بدرێت بە هەر کەسێك بە تەواوی ئەو کەسە دەبێتە خاوەنی و وەك موڵکێکی سرف تەماشای دەکرێت، ئاساییە ئەگەر بەهەر شێوەیەك رەفتاری لەگەڵ بکرێت، چونکە ئەو بە خوێنێك گۆڕدراوەتەوە. لە ناو کوردەواریدا باوە ئەگەر تازەژنێك لەلایەن خێزانی بۆ هاتووەوە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ! بکرێت دەڵێت"خۆ لەبری خوێن نەدراوم"ئەم دەستەواژەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو کەسەی لە بری خوێن دەدرێت بە هەر شێوەیەك رەفتاری لەگەڵ بکرێت رەوایە. کچێك کە لەبری خوێندراوە لە یەکێك لە رۆژنامەکاندا دەڵێت"هەر کاتێك لەسەر بچووکترین شت نارەزایی دەربرم، دایکی شووەکەم پێمدەڵێت"بی دەنگ بە لەبیرت کرد لە بری خوێن دراویت".

"خەتەنە"کردن بابەتێکی دیکەیە کە ئێمە پێمان وایە هیچ نییە جگە لە دەرهاویشتەیەکی ناو دنیای پیاوسالاری و بەپێی یەکێك لە توێژینەوەکانیش هیچ نییە بێجگە لەپاشماوەی بیری ئیسلامی عەرەبی، توێژینەوەکە دەڵێت لەکاتێکدا موسڵمانەکان بەهۆی شەڕەکانیانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژنەکانیان دادەبڕان، ئەوا ژنەکانیان ناچار دەکرد بە خەتەنەکردن، بۆ ئەوەی غەریزە سێکسییەکانی کپ بکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا زانستە پزیشکییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لەو ناوچانەی پلەی گەرمیان بەرزە غەریزە سێکسیەکان زیاتر دەبن، ئەگەر ئەوەش بزانین کە ناوچە عەرەبنشینەکان ناوچەیەکن کە پلەی گەرمییەکەیان بەرادیەکی زۆر بەرزە، ئیدی وەك ناچارییەك پەنایان بۆ خەتەنەکردن بردووە، ئەمەش لەئیسلامدا وەك سوننەتێك تەماشا دەکرێت و لە تەواوی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.